# گەشتێک بە جیهانی پەرتوکێکی بەناوبانگدا

-بەشی یەکەم-

**بژار**
bizharpoet@yahoo.com



ئەو چاوچنۆکییەی کە ئەنگلس باسی دەکات (چاوچنۆکی سووک و چرووک لە یەکەمین ڕۆژەوە تاکو ئێستا هێزی بزوێنەری ژیارییە ، لاپەڕە 134ی بنەچەی خێزان و .... ) ، هەڵپە کردنە بۆ ئامانجێک . واتە شتێکی هەروا خۆبەخۆ و دابڕاو نییە لە بەشە بوونیە ناوەکییەکانی مرۆڤ " جیهانی ناوەوەی مرۆڤ " . ئەویش " واتە چاوچنۆکی " وەک هەموو بابەتێکی دیکەی بەشە بوونیە ناوەکییەکان ، مێژوویەکی دوور و درێژ ، کە تەنانەت کۆنتریشە لە مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ ، لە پشتیەوە ڕاوەستاوە . چاوچنۆکی بەرهەمی شتێکی دیکەیە و بە پێی پێداویستی ئەو شتە کە ئەسڵەکەیەتی ، گۆڕان و پەرەسەندن بە خۆیەوە دەبینێت . چاوچنۆکی هێزی بزوێنەری ژیاری نییە ، بەڵکو بەرهەمی ئارەزوویەکی مرۆڤە کە خاوەندارییەتییە . خاوەندارێتی فاکتەرێکی گرنگی ململانێی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا . خاوەندارێتی لە مرۆڤدا پەرەی نەسەندایە ، مرۆڤ نەیدەتوانی ململانێکەی لەگەڵ سروشتدا بباتە پێشەوە . ئەمە جگە لەوەی کە خاوەندارێتی بۆ خۆی ، بەشێکی پێکهێنەرە لە دەسەڵات . واتە لە ناو خودی دەسەڵاتدا ، خاوەندارێتی ، بوونی هەیە . دەسەڵات بە بێ خاوەندارێتی ، بێ مانایە . خاوەندارێتی نەک هەر پێکهێنەرێکی دەسەڵاتە ، بەڵکو ئامانجێکی گەورەشیەتی . ئەو چاوچنۆکییەی کە ئەنگلس باسی دەکات ، بەرهەمی ئەم خاوەندارێتییەیە کە مرۆڤ هەیەتی . لە قۆناغی دەسەڵاتداریەتی خەیاڵ بە سەر عەقڵدا ، خاوەندارێتی ، گۆڕانێکی پێویست و پەرەسەندنێکی شیاو بە خۆیەوە نابینێت . گۆڕان و پەرەسەندنی خاوەندارێتی ، پەیوەستە بە گۆڕان و پەرەسەندنی عەقڵ و جیابوونەوەی ووردە ووردەی لە خەیاڵ و لە ئەنجامدا بە دەست هێنانی سەربەخۆیی خۆی وەکو یەکەیەکی بەشە بوونیە ناوەکییەکان " جیهانی ناوەوەی مرۆڤ " . واتە بەو ڕادەیەی عەقڵ لە ژێر ڕکێفی خەیاڵدا و لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا دێتە دەرەوە ، بەو ڕادەیە خاوەندارێتی ، گەورەتر و بەرجەستەتر دەبێتەوە .

خاوەندارێتی و دەسەڵاتخوازی کە دوو خواستی دەروونیی مرۆڤن و مێژووشیان لە مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ کۆنترە ، وەکو هەموو خواستە دەروونییەکانی تر ، وەڵامدەرەوەن بە بوون و پێداویستییەکانی مانەوەی مرۆڤەوە. چوونە پێشەوەی خاوەندارێتی و دەسەڵاتخوازیی ، پێ بەپێی بوون و چوونە سەری پێداویستییەکانی مانەوە

، دیاری دەکرێت . هەر خودی ئەو بوون و پێداویستییانەی مانەوەیە ، کە لە دووتوێی خواستە دەروونییەکانەوە ، عەقڵ لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا و وەکو بوویەکی سەربەخۆ لە بەرانبەر خەیاڵدا و لە ناو خودی خەیاڵەوە دەیهێننە دەرەوە . لەگەڵ ئەوەشدا کە عەقڵ ئەگەر بۆ تەنیا چرکەیەکیش بووە ، ناتوانێت سەربەخۆیی خۆی بە شێوەیەکی ڕەها لە خەیاڵ بە دەست بهێنێت ، بەڵام هەمیشە لە زنجیرەیەکی بێکۆتایی یەکە " وەحدە " عەقڵییەکاندا و لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا ، ئاستی ڕێژەدارانەی خۆی لە سەربەخۆیی بووندا و لە بەرانبەر خەیاڵدا بردووەتە سەرەوە .

چاوچنۆکی کە بەرهەمی خاوەندارێتییە و ئەم خاوەندارێتییەش کە هەمیشە خواستی دەروونی مرۆڤ بووە و دەبێت ، گەشە کردنی لە ڕووی مێژووییەوە " وەک لە سەرەوە باسم کرد " بەستراوەتەوە بە

گەشە کردنی مێژووییانەی عەقڵەوە .
ئەوە چوونە پێشەوەی وورده وورده‌ی عەقڵە کە کۆمەڵگاکان شکڵ پێدەگرێت و قۆناغە مێژووییەکان بە دوای یەکتریدا دەهێنێت . ئەوە قەتیسمانی عەقڵ و دەسەنەخواری عەقڵە کە کۆمەڵگاکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە قۆناغێکی مێژووییدا دەهێڵێتەوە . عەقڵ لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا ، هەم لەگەڵ خەیاڵدا یەکتری دەبەنە پێشەوە و هەم لەگەڵ خواستە دەروونییەکانیشدا . هەموو ئەو پێشکەوتنانە لە سەر بناغەی وەڵامدانەوە بە بوون وپێداویستییەکانی مانەوەی مرۆڤەوە ڕادەوەستێت . ئەڵبەتە ئەو بوون و پێداویستییانەی مانەوە ، بە پێی چوونە پێشەوەی عەقڵ ، هەمیشە فراوانتر دەبن . کار وەکو پرۆسەی وەڵامدانەوە بە خواستە دەروونییەکانی مرۆڤ ، هەمیشە لە هاوکێشەکاندا بەشداره . کار ، کردەیی کردنەوەی نەخشەی داڕێژراوی سنووربەندییانەی عەقڵە بۆ هاتنەدی خواستی دەروونیی . ژمارەی کارەکان ، بە پێی ژمارەی سنووربەندییەکانی عەقڵ ، دیاری دەکرێت . ژمارەی یەکە " وەحده " عەقڵییەکانیش هەر بە پێی ژمارەی سنووربەندییەکان و کارەکان دیاری دەکرێت . یانی ژمارەی یەکە عەقڵییەکان و سنووربەندییەکان و کارەکان لە مێژوودا چوونیەکن . یەکێک لەو فاکتەرانەی کە ئەم چوونیەکییەیان زیاتر پێدەبەخشێت ، ڕیزبەستنی ژمارەیانە لە بێکۆتاییدا . واتە کۆتایی هاتن بۆ هیچ یەکێکیان نییە .
خاوەندارێتی و دەسەڵات " وەک ووتم " هەمیشە پەیوەستن بە عەقڵەوە . پێبەپێی بچوکی و گەورەیی عەقڵ ئەمانیش بچوک و گەورە دەبنەوە . لە سەردەمانێکدا کە مرۆڤایەتی ، ژیانی لە جیهانی ئەفسانەدا بە سەر دەبرد ، خاوەندارێتی لەوپەڕی لاوازیدا بوو . لاوازییەکەشی دەگەڕایەوە بۆ لاوازی عەقڵ و مانەوەی لە ژێر ڕکێفی خەیاڵدا . وەنەبێت ڕەوش " وەزع " ی دەسەڵاتیش لە خاوەندارێتی باشتر بووبێت . واتە دەسەڵاتیش هەمان جۆری خاوەندارێتی،لاواز بوو . با مرۆڤەکان لە سەردەمی ئەفسانەکاندا ، بازوویان بەهێز و پاڵەوانێتییان زیاتر بووبێت ، بە بەراوورد بە مرۆڤی سەردەمەکانی دوای خۆیانەوە و تا ئێستا ، هەر لاواز و لاوازتر بووە . ئەگەر دەسەڵاتی ئێستای مرۆڤایەتی ، بە یەکسانی دابەش بکرێت بە سەر هەموو مرۆڤەکاندا لە سەر گۆی زەوی ، بێگومان بە هۆی ئەو پێشکەوتنە زانستیی و تەکنەلۆژییەوە کە هەیە ، دەسەڵاتی هەر مرۆڤێک بگریت لەمرۆدا ، بە هەزاران جار گەورەترە لە دەسەڵاتی بەهێزترین مرۆڤی سەردەمی ئەفسانەکان . دەسەڵاتی مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابوونیەوە تا ئێستا ، بەپێی چوونە پێشەوەی ململانێکەی لەگەڵ سروشتدا ، ئەمیش چووەتە پێشەوە . دەسەڵات و خاوەندارێتی و عەقڵ ، هەرچەندە لە بنەڕەتدا تاکایەتین ، بەڵام بە پێی پلە جیاوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، هەموانی دەبنەوە " واتە هەر یەکە و بە پێی هەبوونی جێگاوڕێگای خاوەنەکەی لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، سنووری بەرفراوان بوون و کاریگەرییەکەی دیاری دەکرێت ". ئەم هەموانی بوونەوەیەی دەسەڵات و خاوەنداریەتی و عەقڵ ، لە لایەکەوە تێپەڕاندنی سنووری تاکایەتییان و لەلایەکی تریشەوە کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات و خاوەنداریەتی و عەقڵی ئەوانی دیکە و کۆکردنەوە و کەڵەکە کردنی بڕی تاڵانییەکانە لێیان . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، زەمینەی دەستەبەر کردنی تاڵانییەکانن . پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە درێژایی مێژوو ، لە دایک بووی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان بوون . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، لە سەر بنەمای کۆمەڵگای ئاژەڵییانەوە ، گۆڕان و پەرەسەندنی مێژووییان بە خۆیانەوە بینیوە . خواستە دەروونییەکان ، بە دەسەڵات و خاوەندارێتیشەوە ، لە دووتوێی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە ، بە گەشەی مێژوویی خۆیاندا هاتوون . تاکی تایبەت لە بنەڕەتدا ، میراتی کۆمەڵگای ئاژەڵیانەیە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە . چاوچنۆکی ، خاسیەتی تاکی تایبەت و بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە .

مرۆڤ وەکو بوویەکی تاکایەتی ، ئامادەیە ، بۆ وەڵامدانەوە بە خۆویستنەکەی ، بۆ بەدیهاتنی خواستە دەروونییەکانی ، هەموو ڕێگەیەکی شیاو و نەشیاو بگرێتە بەر . مرۆڤەکان ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یاساکانی بەڕێوەبردنی ئەو پەیوەندییانە ، لە ڕوانگەی خۆویستنەکانیانەوە ، دروست دەکەن و دایان دەنێن . پێنەگەیشتنی عەقڵ بە پێی پێویست بۆ پێکهێنان و دارِشتنی پەیوەندییەکان و یاساکانی بەڕێوەبردنیان کە بەدیهاتنی یەکسانییانەی خواستە دەروونییەکانی مرۆڤەکان دابین بکات ، گرفتی گەورەی مرۆڤایەتی بووە لە سەردەمی دروست بوونییەوە هەتا ئێستا . بە پێی چوونە پێشەوەی عەقڵ ، چوونە پێشەوەی خواستی خاوەنداریەتی پیادە دەبێت . بۆ ئەوەی خواستی خاوەنداریەتی کردەیی بکرێتەوە و هاوتا بێت بە پلە دیاری کراوەکەی پێگەیشتنی عەقڵ " عەقڵی باڵا کردوو "، پێویستە لە دوو کایەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنرێت . ئەگەر یەکێکیان کایەی ململانێی مرۆڤ بێت لەگەڵ سروشتدا ، ئەوا ئەوی دیکەیان کاری هاوبەشی مرۆڤەکان و چنینەوە و دابەش کردنەوەی یەکسانییانەی دەستکەوتنەکان و سەرکەوتنەکانە . بۆ ئەوەی مرۆڤەکان یەکگرتووانە لە بەرانبەر سروشتدا بجەنگن و هەرچی بتوانن زیاتر دەسەڵات و خاوەندارێتی بە دەست بهێنن ، وە بۆ ئەوەی بەرهەمی کاری هاوبەشیان یەکسانییانە دابەش بکرێتەوە بە سەریانا ، پێویستیان بە ئۆرگەنایز کردنی خۆیان هەیە لە سیستمێکدا کە ئازادی تیا دەستەبەر کرابێت . ئەوەی کە تا ئێستا عەقڵی مرۆڤ نەیتوانیوە بیگاتێ ، دۆزینەوەی ئەو سیستمە بووە . سیستمێک دەتوانێت ئازادی بۆ مرۆڤەکان دابین بکات ، کە یەکسانیان بکاتەوە لە دەسەڵاتدا . ئێستاش لەمپەڕی جیهانەوە بۆ ئەوپەڕی جیهان ، گرووپێک ، هێزێک ، حزبێک ، لایەنێک ، نادۆزینەوە کە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ یەکسانی لە دەسەڵاتدا بکات . هەموویان هەر پێ لە سەر وەرگرتنی دەسەڵات گیر دەکەن . هەموویان هەر باسی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی دەکەن . هەموویان هەر بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان ، پیادە دەکەن . هەموویان هەر عەقڵگەرایی بە خەرج دەدەن و داوای سالار بوونی عەقڵی خۆیان دەکەن . هەموویان هەر خزمەتگوزارییەکانیان بە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا ، بە ناوی دەسەڵات وەرگرتنیانەوە بۆ سبەینێ ، دوا دەخەن . هەموویان هەر ئازادی پێشێل دەکەن و داوای بەرقەرار بوونی ئازادی دەکەن . هەموویان هەر هەڵپە کردن بۆ خاوەنداریەتی دەبەنە سەر و داوای دادپەروەری بۆ خاوەنداریەتی ، وە یان وەلانانی داهاتووانەی دەکەن . هیچ حزب و هێز و لایەنێک نییە ، تەنانەت لە ناو ڕیزەکانی خۆشیاندا باس لە یەکسانی نەکات و یەکسانیش قەبوڵ بکات . باس لە ئازادی نەکات و ئازادیش قەبوڵ بکات . باس لە مرۆیی بوون نەکات و مرۆیی بوونیش وەکو پێویست قەبوڵ بکات . باس لە یەکگرتن نەکات و یەکگرتنی ڕاستەقینەش قەبوڵ بکات .

ئەو چاوچنۆکییەی کە ئەنگڵس باسی دەکات و پەیوەستی دەکاتەوە بە قۆناغی ژیارییەوە ، لە ڕاستیدا پەیوەستە بە هەموو قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوویانەی مرۆڤەوە . ئەو چاوچنۆکییەی کە ئەنگڵس وەکو فاکتەرێکی سەربەخۆ باسی دەکات ، لە ڕاستیدا بەرهەمی خواستێکی مرۆڤە کە خاوەنداریەتییە . ئەو چاوچنۆکییەی کە ئەنگڵس بە هێزی بزوێنەری ژیاریی دەزانێت ، لە ڕاستیدا هەڵسووڕانی دەگەڕێتەوە بۆ پایەدار بوونی سێ سیستمە کۆمەڵایەتییەکە ، کە بریتین لە دەسەڵاتدارێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵ سالاری " واتە چاوچنۆکی بە لاچوونی ئەو سێ سیستمە لادەچێت " .

خاڵێکی دیکە لەم پەرتووکەدا ، کە ئەنگڵس لە هەندێک شوێندا پێی لە سەر دادەگرێت ، دیمۆکراسی خێڵایەتییە . لە لاپەڕە 81 دا دەڵێت : ( دیمۆکراسییەتی کۆنی بە سروشت گەشە کردوو ) . وە لە لاپەڕە 128 یشدا دەڵێت : ( دیمۆکراسییەتی خۆڕسک و سەرەتایی ) . ئەم ناو لێنانەی دیمۆکراسییەتی خێڵایەتی بە دیمۆکراسییەتی سروشتی یان خۆڕسک ، دوور کەوتنەوەیە لە بەکارهێنانی ڕێگای زانستییانە بۆ دۆزینەوە و ڕۆشن کردنەوەی بنج و بناوانی و دۆزینەوەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی .

میتۆدێک کە عەقڵ سالاریی و نوێنەرایەتی وەک دوو لایەنی تەواوکەری دەسەڵات نەبینێت ، ناتوانێت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی مێژوویی خۆیاندا یەکاڵا بکاتەوە و ئامانجی پشتی پێکهاتنەکان و هێڵە گشتییەکانی بزووتنەوەکانیان دیاری بکات . دیمۆکراسیش وەکو هەموو سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تر ، سروشتی بێ و سروشتی نەبێت ، ئامرازی سەرکوت و چەوساندنەوەیە . جیاوازی دیمۆکراسی لەگەڵ سیستمە نوێنەرایەتییەکانی دیکەی چەوساندنەوەدا هەر ئەوەندەیە ، کە ئەم " واتە دیمۆکراسی " ئازادییەکان تەواو بەرتەسک ناکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ، بوارێکی باشتر و هەلومەرجێکی ڕەخساوتر بۆ چالاکییەکانی مرۆڤ دابین دەکات . دیمۆکراسی جگە لەوەی کە شێوەیەکی سیستمی نوێنەرایەتییە ، ئامرازێکی لەباری داسەپاندنی دەسەڵاتە . دیمۆکراسی ، بێجگە لە شورای کۆمۆنەی پاریس ، باشترین شێوەی سیستمی نوێنەرایەتی بووە لە مێژوودا . وە باشترین شێوەی سیستمی نوێنەرایەتیش ، بە مانای باشترین ئامراز دێت بۆ داسەپاندنی دەسەڵات . دیمۆکراسی خێڵایەتی پەیوەندی بە هەژاری عەقڵەوە هەیە و دیمۆکراسی سەردەمی ژیارییش بە بەراوورد بە دیمۆکراسی خێڵایەتییەوە ، پەیوەندی بە گەشە کردنی عەقڵەوە هەیە . لەگەڵ ئەوەدا کە دیمۆکراسی شێوەیەکی سیستمی نوێنەرایەتیە ، نوێنەرایەتییش بۆ خۆی ، شێوەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە . دیمۆکراسی خێڵایەتی کە شکڵ پێگرتنێکی سادەی سیستمی نوێنەرایەتییە ، لە بناغەدا پەی بردن و کردەیی کردنەوەی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵێک مرۆڤی دیاری کراوە کە پێیان دەوترێت خێڵ . ئەم دیمۆکراسییە سەرەتاییەی کە ئەنگلس بە سروشتی و خۆڕسک ناوی دەبات و لە دوایین لێکدانەوەشدا بریتییە لە ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵێک مرۆڤی دیاریکراو ، فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە هەژاری عەقڵ و سادەیی باری کۆمەڵایەتی و پرۆسەی پەرەسەندنێکی مێژوویی .

عەقڵ لە دروست کردنی سنووربەندییەکان و هێنانەدی خواستە دەروونییەکانی " ئارەزووەکانی ، ویستەکانی ، داواکارییەکانی " مرۆڤدا ، بە پلەیەک لاواز بووە ، کە کۆششی بەردەوامی بۆ داهێنان و بردنە پێشەوەی ململانێی لەگەڵ سروشتدا داوەتە دەستی خەیاڵ و لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا " خەیاڵدا" مامەڵەی لەگەڵدا کردوون . یانی عەقڵ ، چالاکییەکانی " جگە لە چالاکییە سادە و ڕۆتینییەکان " لە دووتوێی نوێنەرایەتی کردنیەوە بۆ خەیاڵ " نوێنەرایەتی کردنێکی لە قاڵب دراو " نواندووە . عەقڵ نەیتوانیوە وەکو بوویەکی سەربەخۆ ، خۆی لە خەیاڵ جیا بکاتەوە . سەردەمی ئەفسانەکان بریتییە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی خەیاڵ بە سەر عەقڵدا . سەردەمی ئەفسانەکان سەردەمی بازدانە بە سەر سنووربەندییەکاندا " واتە سنووربەندییەکانی عەقڵ " . عەقڵ چونکە سنووربەندییەکانی لە بواری ململانێکەی لەگەڵ سروشتدا بۆ بە ئەنجام نەگەیشتووە ، بە هۆی فاکتەری خەیاڵەوە بە سەریاندا " واتە بە سەر سنووربەندییەکاندا "باز دراوە و لە ناو خودی خەیاڵ خۆیدا چارەسەری کێشەکان کراوە و دواییش هێنراوەتە ناو واقیعی کۆمەڵایەتییەوە . ئەوەی کە خەیاڵ چۆن دەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات ، لەکاتێکدا کە خۆی " واتە خەیاڵ " سنوور نەناسە و چارەسەر کردنی کێشەکەش هەمیشە سنوورێکی دیاریکراو بە خۆیەوە دەبینێت ، دەبێت کەمێک بچینە سۆراخیەوە . خەیاڵ لەگەڵ ئەوەدا کە سنوور نەناسە ، پانتایی سنوور نەناسینەکەی گرێخواردووە بە پلەی گەشە کردنیەوە . خەیاڵی هیچ کەسێک ڕاوەستاو نییە . جگە لەوەی کە خەیاڵی هەموو کەسێک لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدا دەژی ، بە هۆی فاکتەرە تاکایەتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ، لە گەشە کردنێکی بەردەوامیشدا دەژی . ئەم گەشە کردنەی خەیاڵ لە سەر بنەمای بزووتنەوە ناوەکییەکانیەوە و وەڵامدانەوە بە خواستە دەروونییەکانی مرۆڤ و چالاک بوونەوەی هەرچی زیاتری عەقڵ ەوە ، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات . خەیاڵ ، چۆن خۆی لە گەشە کردندایە ، پانتایی سنوور نەناسینەکەشی ئاوا لە گەشە کردندایە . واتە بەو ڕادەیە خەیاڵ گەشە دەکات ، بەو ڕادەیە بینینی مەودای سنوور

نەناسینەکەی فراوانتر دەبێت . هەموو گەشە کردنێکی خەیاڵ کە دەبێتە هۆی گەشە کردنی بینینەکانی بۆ قەڵەمڕەوی سنوور نەناسینەکەی ، بەرهەمی سنووربەندییەکانی خۆی و سنووربەندییەکانی عەقڵە . ئەوەی کە ڕوونە ، سنووربەندییەکان پەیوەستن بە عەقڵەوە و خەیاڵ سنووربەندی ناناسێت . خەیاڵ لە سەردەمی ئەفسانەکاندا کە سەردەمی پێنەگەیشتنی عەقڵە ، ناچار بووە سنووربەندییەکان بە ئەنجام بگەیەنێت . ئەو سنووربەندییانەی کە خەیاڵ بە ئەنجامی گەیاندوون ، هاوجووت بوون لەگەڵ سنوور نەناسینەکەیدا . خەیاڵ چەندە گەشە بکات ، هەرگیز ناتوانێت سنوور نەناسینی ڕەها ببینێت وەیان وێنا " تەسەور " ی بکات . کەواتە بینینی سنوور نەناسینی خەیاڵ لە لایەن خودی خەیاڵەوە ، هەمیشە ڕێژەدارە . خودی ئەو ڕێژەدارییە لە سنوور نەناسیندا ، بەرفراوانترین سنووربەندییە لە کات و شوێنی دیاریکراوی خۆیدا . کەواتە هەموو سنوور نەناسینێکی ڕێژەدار ، سنووربەندییەکی بەرفراوانە . ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە سنوور نەناسین و سنووربەندی لە خەیاڵدا بە یەکەوە گرێ دەدات . بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەم سنووربەندییەی خەیاڵ جیاوازە لەو سنووربەندییەی کە عەقڵ دەیکات . سنووربەندییەکانی خەیاڵ نەک هەر یەکەیان لە کۆمەڵێک سنووربندیی عەقڵییانە پێک دێت ، بەڵکو هەندێک جار واوەتر لە توانای تێگەیشتنی عەقڵیشەوە هەنگاو دەهاوێ . واتە هەر کامێک لە سنووربەندییەکانی خەیاڵ بگریت ، هەم کۆمەڵێک سنووربەندیی عەقڵیی و هەم هەندێک شتی نامۆ یان تەنانەت سەروو عەقڵیی لە خۆی دەگرێت . ئەو کێشانەی کە خەیاڵ چارەسەری کردوون لە سەردەمی ئەفسانەکاندا ، لە لایەکەوە بە پێی ئەم سنووربەندی و سنوور نەناسینەی خۆی " واتە خەیاڵ " و لە لایەکی تریشەوە بە پەیوەند بە سنووربەندییە بچوک و کاڵوکرچ و پێنەگەیشتووەکانی عەقڵەوە ، چارەسەری کردوون . عەقڵ با زۆر لاوازیش بێت ، بەڵام هەمیشە ئامادەیی و ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەیاڵدا ، بەردەوامە . ئەگەر لە سەردەمی ئەفسانەکاندا ، دنیا ، دنیای خەیاڵ بووە ،، ئەوا لە سەردەمی ئێمەدا ، دنیا ، دنیای عەقڵە . پەیدابوونی دیموکراسی خێڵایەتی ، هاوجووتە لەگەڵ لاوازیی عەقڵدا .هاوجووتە لەگەڵ ئاستی هەرە نزمی گەشەی خواستە دەروونییەکاندا . پێبەپێی گەشەی خواستە دەروونییەکان و پێبەپێی گەشە کردنی عەقڵ ، دیموکراسییەکە وردە وردە پێ دەگرێت و گەورە دەبێت و پێدەگات . ئەم دیموکراسییە لەگەڵ گەورە بوون و پێگەیشتنیدا ، ئالوگۆڕە نێگەتیڤەکانیش بە خۆیەوە دەبینێت . بە پێی گەشەسەندنی عەقڵ کە لە ئەنجامی سنووربەندییەکانیەوە دێت بۆ بەدیهاتنی خواستە دەروونییەکان ، خواستە دەروونییەکانیش ، بە تایبەتی دەسەڵاتخوازیی و خاوەنداریەتی ، گەشە دەکەن . هەر ئەم گەشە کردنەی خواستی خاوەنداریەتی و دەسەڵات ، لە درێژەی پەرەسەندنی خۆیاندا ، دەبنە فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دیموکراسی خێڵایەتی . ئەم دیموکراسی خێڵایەتییە کە سەرنجی ئەنگڵس ی ڕاکێشاوە و بە دیموکراسی سروشتی ناوزەدی دەکات ، پێمان ناڵێت بۆچی سروشتییە . ئەڵبەتە من بۆ خۆم شینەکردنەوەی دیموکراسی سروشتی ناکەم بە ڕەخنە بە سەر ئەنگڵس ەوە ، چونکە ئەو میتۆدەی ئەنگڵس ، وەڵامی بۆ ئەم سروشتی بوونەی دیموکراسی پێ نییە و لە هەمان کاتیشدا ئەنگڵس پەی بە پەیوەندییەکانی نێوان عەقڵ و خەیاڵ نەبردووە . هەرچۆن بێت نهێنی سروشتی بوون لە ناو خەیاڵدایە . بەو ڕادەیەی دیموکراسی خێڵایەتی ، پێی لە ناو خەیاڵدا بووە ، بەو ڕادەیە سروشتی بووە . وە بەو ڕادەیەی پێی لە ناو عەقڵدا بووە ، بەو ڕَادەیە ، نا سروشتی وەیان کۆمەڵایەتی بووە . خەیاڵ بۆ پەیوەست بوونە بە سروشتەوە و عەقڵیش بۆ جیابوونەوەیە لە سروشت . ئەڵبەتە هیچ یەکێک لەم پەیوەست بوون و جیابوونەوەیەی خەیاڵ و عەقڵ لە بەرانبەر سروشتدا ، نەگۆڕ و ڕەها نییە . بەو مانایە نییە کە خەیاڵ هیچ جۆرە ململانێیەکی لەگەڵ سروشتدا نەبێت و عەقڵیش هیچ جۆرە سازانێکی لەگەڵ سروشتدا نەبێت . عەقڵ هەمیشە دەیەوێت سروشت لەگەڵ خۆیدا

بسازێنێت نەک خۆی لەگەڵ سروشتدا بسازێنێت . دەیەوێت سروشت کۆنترۆڵ بکات نەک خۆی کۆنترۆڵ بکرێت بە دەست سروشتەوە . بێگومان ئەم ململانێیە لە نێوان عەقڵ و سروشتدا بێکۆتاییە . پەیوەندی نێوان عەقڵ و سروشت ، لە بناغەدا پەیوەندی نێوان عەقڵ و دیاردەکانی سروشتە . وە پەیوەندی نێوان عەقڵ و دیاردەکانی سروشت لە دووتوێی پەیوەندی نێوان خواستە دەروونییەکان و دیاردەکانی سروشتەوە ، دیاری دەکرێت . هەرچەندە ئەم پەیوەندییانەی عەقڵ بە دیاردەکانی سروشت و خواستە دەروونییەکانی مرۆڤەوە ' بنەمای کارەکانی عەقڵ پێک دەهێنێت بەڵام عەقڵ هەمیشە لە خەیاڵەوە لە دایک دەبێت .

سروشتیی بوونی دیمۆکراسی خێڵایەتی ، بە پەیوەند بە خەیاڵەوە زیاتر ڕاڤە دەکرێت ، نەک بە پەیوەند بە عەقڵەوە . عەقڵ بەرهەمی بەرزترین ئاستی ململانێی خەیاڵە لەگەڵ سروشتدا . کاتێک کە ململانێی خەیاڵ لەگەڵ سروشتدا و لە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەندا دەگات بە ئەوپەڕی توندوتیژی ، ئیتر سەرەتای هەڵسووڕانی عەقڵ دەست پێدەکات . سەردەمی ئەفسانەکان ، سەردەمی توندوتیژی ململانێی خەیاڵ بووە لەگەڵ سروشتدا . عەقڵ لە سەردەمی ئەفسانەکاندا بە بڕی جۆراوجۆر پابەندی خەیاڵ ولە هەمان کاتیشدا بەرە و سەربەخۆ بوون هاتووە . دیمۆکراسی خێڵایەتی ، بەرهەمی سەردەمەکانی توندوتیژ بوونەوەی ململانێی خەیاڵە لەگەڵ سروشتدا . واتە بەرهەمی سەردەمی لاوازی عەقڵ و سەردەمی لە دایک بوونی وردە وردەی عەقڵە وەکو بوویەکی سەربەخۆ . بەڵام سەردەمی دارمانی دیمۆکراسی خێڵایەتی ، سەردەمی وردە وردەی پێگەیشتنی عەقڵە . عەقڵ پێش ئەوەی وەکو بوویەکی سەربەخۆ لە دایک ببێت ، سەردەمانێکی دوورودرێژ لە ناو خەیاڵدا و لە نزمترین ئاستی خۆیدا ، چالاکییەکانی بۆ سنووربەندییە هەرە سادەکان نواندووە . عەقڵ لە بنەڕەتدا دژایەتی خەیاڵ ناکات و ناکۆک نییە پێی ، بەڵکو بەرهەمی خەیاڵ خۆیەتی و لە پێداویستی جێبەجێ بوونی کارەکانی خەیاڵەوە دێتە بوون . کاری عەقڵ بە کەتوار کردنەوەی " واقعی کردنەوەی " سنووربەندییەکانی خەیاڵە . ململانێی عەقڵ و خەیاڵ لەگەڵ سروشتدا ،کۆتایی هاتنیان بۆ نییە . وە هەردووکیشیان "واتە عەقڵ و خەیاڵ " هەمیشە پێکەوەن و پێکەوەش ململانێ لەگەڵ سروشتدا دەکەن . جیاوازییەکەیان تەنیا ئەوەندەیە کە بە پێی دوو سەردەمی جیاواز "سەردەمی ئەفسانەکان و سەردەمی ژیاری " ، هەر یەکەیان دوو دەوری جیاواز دەبینێت . خەیاڵ لە سەردەمی ئەفسانەکاندا ، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەململانێ و سنووربەندییەکاندا لەگەڵ سروشتدا ، بەڵام هەر لە سەردەمی ئەفسانەکاندا ، ڕۆڵی عەقڵ لە ململانێ و سنووربەندییەکاندا نا سەرەکییە . ئەڵبەتە سەبارەت بە سەردەمی ژیاریش کە ئێستاشی لەگەڵدایە ، عەقڵ ڕۆڵی سەرەکی هەیە و خەیاڵیش نا سەرەکی "دەبێت هەمیشە ئەوەمان لا ڕوون بێت کە عەقڵ حاڵەتی بەرجەستە بوونەوەی خەیاڵە " . بەڵام عەقڵ و خەیاڵ بە پەیوەند بە یەکترییەوە و بە پەیوەند بە خواستە دەروونییەکانەوە ، هەمیشە لە گەشە کردندان . داهێنانەکان لە هەموو مەیدانە ڕۆشنبیری و زانستی و تەکنۆلۆژییەکاندا ، بەرهەمی ئەم گەشە کردنەی عەقڵ و خەیاڵ و خواستە دەروونییەکانن . کاریش وەکو پرۆسەیەک کە پەیوەندی کردەیی " ڕابیتەی عەمەلی " عەقڵ و خواستە دەروونییەکانی تیا بەدی دێت ، هەمیشە لە گەشە کردندایە . بەشە بوونییە ناوەکییەکانی مرۆڤ " عەقڵ و خەیاڵ و خواستە دەروونییەکان و ....هتد " بە پەیوەند بە بەشە بوونییە دەرەکییەکانەوە " دیاردەکانی سروشت " و لە دووتوێی هەڵسووڕانە تاکایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە کە بریتین لە پرۆسەی کار ، هەمیشە دەچنە پێشەوە . پیشکەوتنە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان و تێکشکانەکانیش ، بە پەیوەند بەم حاڵەتانەی عەقڵ و خەیاڵ و خواستە دەروونییەکانەوە ڕاڤە دەکرێن . چەند ، پەیوەندییەکانی عەقڵ و خەیاڵ و خواستە دەروونییەکان ، باڵانس بە خۆیانەوە بگرن ،، ئەوەندە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان ، ئاستەکانی بەرز بوونەوەی خۆیان وەردەگرن . وە چەند ،

پەیوەندییەکانی عەقڵ و خەیاڵ و خواستە دەروونییەکان ، تووشی لەیەک ترازان ببن ،، ئەوەندە تێکشکانە کۆمەڵایەتییەکان ، سالّەکان و پانتایی کۆمەڵگاکان داگیر دەکەن .

سادەیی باری کۆمەڵایەتی ، فاکتەرێکی دیکەی دروست بوونی دیمۆکراسی خێڵایەتییە . پانتایی زەوییەکان زۆر بوون . ژمارەی مرۆڤەکان کەم بوون . چالاکییەکان بەرتەسک بوون . ئامڕازی بەرهەمهێنان لە پێشدا نەبوون و دواییش تەواو سەرەتایی بوون . خەیاڵ سەرچاوەی تێگەیشتنەکانیان بووە بۆ دیاردەکانی سروشت . ئەمانە و چەندەهای دیکەش لەو بابەتانەن کە سادەیی باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانە دەگرنەخۆ . هەموو یەکگرتنێک جۆرێکە لە ئۆرگەنایز بوون . واتە کاروباری مرۆڤەکان بە پلەیەک ڕێک دەخرێت ، کە یەکگرتنێکی شیاوی بەو پلەی ڕێکخستنەی لێ لە دایک دەبێت . سەرەتای چەوساندنەوە لێرەوە دەست پێدەکات . لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی مێژوودا کە مرۆڤەکان دەچنە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا ، بە بڕی دابەش بوونی ئەرکەکان لە نێوانیاندا و بە بڕی تەوەرە بەستنیان بە دەوری یەکگرتنەکەیاندا و پیرۆز کردنی ئەو یەکگرتنەیان ، ئازادییەکانی خۆیان لە دەست دەدەن . یەکەم سیستمی دیمۆکراسی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسیستمی دیمۆکراسی خێڵایەتییە و ئەنگڵس لە ڕووی سەرسام بوونەوە پێی بە دیمۆکراسی سروشتی ناوی دەبات ، یەکەم سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤە . سیستمی دیمۆکراسی ، لە پرۆسەی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بە دەوری یەکتریدا کە دێتە ئاراوە ، یەکەم بەشی ئازادی کە لێیان دەسەندرێتەوە "لێیان وەردەگیرێتەوە " ، نوێنەرایەتی کردنی بێ قەیدوشەرتی مرۆڤی تاکە بۆ خۆی . دیمۆکراسی کە یەکەم شێوەی سیتمی کۆمەڵایەتییانەی نوێنەرایەتییە ، لە سەر بنەمای تاڵانکردنی نوێنەرایەتی تاکەوە بۆ خود ، هەڵدەستێت . یانی سیستمی کۆمەڵایەتییانەی نوێنەرایەتی ، لە بناغەدا تاڵان کردنی نوێنەرایەتی تاکایەتییە . بە واتایەکی دیکە ، دروست بوونی سیستمی دیمۆکراسی لە مێژوودا ، دروست بوونی تاکی تایبەت و جیابوونەوەیەتی لە تاکی هەموانی . بۆ یەکەم جار لە مێژوودا و لە سەر دەستی سیستمی دیمۆکراسی خێڵایەتیدا و بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە ، مرۆڤەکان وەکو مرۆڤی تاک دەبن بە دوو بەشەوە کە بەشێکیان نوێنەرایەتی دەکەن و لای منەوە ناویان تاکی تایبەتە ، وە بەشەکەی تریشیان نوێنەرایەتییان بۆ دەکرێت و بە تاکی هەموانی ناویان دەبەم .لەو ڕۆژەوە کە دیمۆکراسی خێڵایەتی دامەزراوە ، لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا ، تاکی تایبەت گرفتی هەرە گەورەی بەردەم چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتییە . ئەڵبەتە لە سەرەتای دروست بوونی سیستمی خێڵایەتیدا ، دیمۆکراسی کە سیستمی نوێنەرایەتییە ، سیستمێکی سەقامگیر نەبووە . وەک هەموو دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی مێژوویی بنج داکوتانیدا ، سەقامگیر بووە . نوێنەرایەتی وەکو سیستمێک لە مێژوودا ، کە بۆ یەکەم جار لە فۆرمی دیمۆکراسیدا کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ، عەقڵ سالاریش وەکو سیستم دەهێنێتە ناو دەسەڵاتەوە . دیمۆکراسی خێڵایەتی ، سەرەتای تراژیدیای مرۆڤایەتییە . لە کۆمەڵایەتی بوونەوەی نوێنەرایەتییەوە ، عەفڵ سالاری و دەسەڵاتیش کۆمەڵایەتی بوونەتەوە . دیمۆکراسی خێڵایەتی یان ئەنگڵس واتەنی دیمۆکراسی سروشتی ، ئەو سیستمەیە کە نوێنەرایەتی و عەقڵ سالاری و دەسەڵات ، کۆمەڵایەتی دەکاتەوە . کۆمەڵایەتی بوونەوەی ئەو سێ سیستمەش " واتە نوێنەرایەتی و عەقڵ سالاری و دەسەڵاتدارێتی " ، یانی کۆمەڵایەتی بوونەوەی تراژیدیای مرۆڤ . دیمۆکراسی خێڵایەتی کە یەکەم سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤە ، یەکەم دروستکەری کۆمەڵایەتییانەی تاکی تایبەتە . سیستمی دیمۆکراسی خێڵایەتی ، بە هێنانە بەرهەمی تاکی تایبەت ، فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی خۆی هێنایە بوون . سیستمی دیمۆکراسی کە سیستمی تاڵان کردنی بڕێک لە ئازادییە تاکایەتییەکانە ، لە هەمان کاتیشدا سیستمی بەربڵاوترین دابەش کردنەوەی بڕی ئازادییە تاڵان نەکراوەکانە . هەرچەندە دیمۆکراسی و تاکی تایبەت بە دوو ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆن ، بەڵام تاکی

تایبەت جەوهەری سیستمی دیمۆکراسی پێک دەهێنێت . تاکی تایبەت بە ئاراستەی چڕبوونەوە و بچوک بوونەوەدا دەڕوات و دیمۆکراسیش بە ئاراستەی بڵاوبوونەوە و گەورە بووندا دەڕوات . بەڵام دیمۆکراسی چونکە بە دەوری ناوەند " مەرکەز " دا چەق دەبەستێت و ناوەندیش تاکی تایبەتە ، یانی بڵاوبوونەوە و گەورە بوونەکەی بە ئاراستەی چڕ بوونەوە و بچوک بوونەوەدا دەڕوات . واتە دیمۆکراسی ، لە سیستمی نوێنەرایەتی کردنی بەربڵاوترین کۆمەڵانی خەڵکەوە ، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا ، دەبێت بە سیستمی نوێنەرایەتی کۆمەڵێک تاکی تایبەت . ئا لێرەدایە کە دیمۆکراسی دەگۆڕدرێت بە دیکتاتۆرییەت . یانی دیمۆکراسی لە سەرەتای دروست بوونیەوە ، بە هۆی تاکی تایبەتەوە ، دیکتاتۆریەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە . لە بەر ئەوە گۆڕانی ڕژێمی دیمۆکراسی بە دیکتاتۆرێتی ، شتێکی نەشیاو و لە عەقڵ بەدەر نییە . دیمۆکراسی لەگەڵ هاتنیدا ، چەندین گرفتی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی هێناوە . هەندێک لەو گرفتانە ، ئەمانەن : 1 – کۆمەڵایەتی کردنەوە و بە سیستم کردنی تاکی تایبەت . 2- کۆمەڵایەتی کردنەوە و بە سیستم کردنی عەقڵ سالاری . 3- کۆمەڵایەتی کردنەوە و بە سیستم کردنی دەسەڵاتداریەتی . 4- تێکهەڵکێش کردنی ئەو سێ سیستمە بە ناو یەکتریدا و لە قاڵبدانی مرۆڤایەتی پێی . 5- کۆمەڵایەتی کردنەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤ و بە فەرمی ناسینی ئەو چەوساندنەوەیە لە سەر ئاستی خێڵ لە سەرەتادا و کۆمەڵگاکانیش لە دواییدا .

پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوویی ، فاکتەرێکی دیکەی سەرهەڵدانی دیمۆکراسی خێڵایەتییە . دیمۆکراسی خێڵایەتی وەکو هەموو دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی ، هەروا لە خۆوە و لە پڕێکا سەری هەڵنەداوە . ڕێگایەکی دوورودرێژ و نادیاری بڕیوە ، تا بە دیار کەوتووە . لانی کەم ، هەزاران ساڵی ، لە پشتی پەیدا بوونیەوە بەجێهێشتووە . خاڵە گرنگەکانی دیمۆکراسی کە دەسەڵات و عەقڵ و نوێنەرە ، بە شێوەی توخمی لاکەوتە و دابڕاو لە یەکتری ، لە ناو خێزانەکاندا و سەردەمانێکی زۆر پێش پەیدا بوونی خۆی " واتە پێش پەیدا بوونی دیمۆکراسی خێڵایەتی " ، لە ئارادا بوون " ئامادەییان هەبووە " . خێزانی مرۆڤی سەرەتایی ، میراتێک بووە ، لە سەردەمەکانی ئاژەڵ بوونیانەوە بۆیان ماوەتەوە . خێزانی سەرەتایی ، شێوەی پەرەسەندووی خێزانی ئاژەڵییانەیە . لە ناو خێزاندا " خێزانی مرۆڤی سەرەتایی " هەچەندە دەسەڵات و عەقڵ سالاری و نوێنەرایوتی هەبوون ، بەڵام نە سیستم ئامێز بوون و نە پەیوەندی سیستیماتیکانەشیان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە . نە باوک و دایک عەقڵی خۆیانیان داسەپاندووە بە سەر منداڵەکانیاندا و نە منداڵکانیش لە گەورە بوونیاندا ئەو کارەیان " واتە عەقڵ داسەپاندن " لە بەرانبەر یەکتری و دایک و باوکیاندا کردووە . لە خێزانە سەرەتاییەکاندا چونکە عەقڵ لەوپەڕی لاوازیدا بووە و دەسەڵاتیش کۆمەڵایەتی نەبووە تا ببێت بە سیستم و نوێنەرایەتی کردنیش نەک هەر کۆمەڵایەتییانە ، بەڵکو تاکایەتییانەش بۆ یەکتری لە ئارادا نەبووە . ،، ئیتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست نەبوون . واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پێشدا لە ناو خودی هەر خێزانێک و نێوان خێزانەکانیشدا نەبوون . لە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەندا ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، وورده وورده سەریان دەرهێناوە و نەشونمایان کردووە و خەملیوون . سەرەتای هاتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، سەرەتای نزیک بوونەوەی خێزانەکانە لە یەکتری و سەرەتای دروست بوونی کاری هاوبەشە . هەر ئەم سەرەتای هاتنی پەیوەندییە کۆمەڵایاتییانە ، سەرەتای دارشتنی بناغەی سیستمی داهاتوویان بووە ، کە دیمۆکراسی خێڵایەتی بووە . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، لە پرۆسەی چڕ بوونەوە و گەشە سەندنی خۆیاندا ، نوێنەرایەتییان بەرهەم هێناوە . نوێنەرایەتیش هەروا لە خۆڕا نەبووە بە سیستم ، بەڵکو ئەویش لە پرۆسەیەکی مێژووییدا کە چەندین شێوەی جیاوازی بە خۆیەوە گرتووە و چەندین قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووە و ئەوسا سیستیماتیکانە ، شکڵگیر بووە . سیستمی نوێنەرایەتی کە بۆ خۆی بەرهەمی گەشە سەندنی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ، کۆمەڵگاکانیش خۆیان بەرهەمی سیستمی نوێنەرایەتین . نوێنەرایەتی ، نەیدەتوانی ببێت بە سیستم ، ئەگەر عەقڵگەرایی و دەسەڵاتداریەتیشی وەکو سیستم ئاوێتە نەکردایە بە خۆی .

نوێنەرایەتی کردن پێش ئەوەی کۆمەڵایەتی بێت ، تاکایەتی بووە . هەموو کەسێکی ناو خێزانە سەرەتاییەکان ، خۆی نوێنەری خۆی بووە . واتە هیچ کەسێک نوێنەری ئەوی تر نەبووە . ئەگەر نوێنەرایەتی وەکو خاسیەتێکی تاکایەتی ، لە ناو خودی تاکدا نەبوایە ، کۆمەڵایەتی نەدەبووەوە . خودی پەیوەندیش هەر وایە ، خاسیەتێکی تاکایەتییە . ئەگەر پەیوەندی لە بناغەدا ، تاکایەتی نەبووایە ، کۆمەڵایەتی نەدەبووەوە . مرۆڤ بێ پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەی خۆی ، ناتوانێت بژی . نوێنەرایەتی ، لە ناو خودی پەیوەندیدایە . ئەگەر نوێنەرایەتی لە ناو خودی پەیوەندیدا نەبوایە ، لە بە کۆمەڵایەتی بوونەوەی پەیوەندیدا، مەرج نەبوو نوێنەرایەتی ، کۆمەڵایەتی ببێتەوە . چ پەیوەندی ، چ نوێنەرایەتی ، وەکو دەسەڵات و عەقڵ ، تاکایەتین و لە پرۆسەی مێژوویی خۆیاندا کۆمەڵایەتی دەبنەوە . لەگەڵ کۆمەڵایەتی بوونەوەشیاندا ، بناغەی بە سیستم بوونی خۆیان دادەڕێژن . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، پەیوەندی تاکەکانن لەگەڵ یەکتریدا . واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، یەکانگیر بوونی پەیوەندییە تاکایەتییەکانن لەگەڵ یەکتریدا . پەیوەندییەکان " پەیوەندییە تاکایەتییەکان " بە تەوەرە بەستن بە دەوری خۆویستنەکاندا ، دەچنە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوونەوە . جیاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا و سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ، جیاوازی نێوان ئاڵۆزی و سادەیی یە . ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە ، لەوپەڕی سادەیی سەردەمە کۆنەکانەوە ، گەیشتووە بەم ئاڵۆزییەی ئێستا . پەیوەندییەکان " پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان " چ سادە بن یان ئاڵۆز ، خاسیەتی جەوهەریی خۆیان کە تاکایەتییە ، لە دەستی نادەن . پەیوەندییەک کە سەرچاوەکەی مرۆڤی تاک بێت ، نایەوێت و ناتوانێت بە دژایەتی کردنی ئەو تاکایەتییە ، کۆمەڵایەتی ببێتەوە . کۆمەڵایەتی بوونەوەی پەیوەندییەکان ، کۆمەڵایەتی بوونەوەی مرۆڤەکانە . مرۆڤەکان لە سەر بناغەی دۆڕاندنی تاکایەتی خۆیان ، کۆمەڵایەتی بوون هەڵنابژێرن ، بەڵکو لە سەر بناغەی دەوڵەمەند بوونی تاکایەتییەکانیان ، دەچنە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوونەوە . دەوڵەمەند کردنی تاکایەتی مرۆڤ ، وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤانەیە بە خۆویستنەکەی . لە پێناوی بردنە پێشەوەی خۆویستنیدا " نەک بەخشینی خۆویستنەکەی " کۆمەڵایەتی دەبێتەوە . پەیوەندی گرتنی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەگەڵ یەکتریدا ، بۆ بەرگری کردن بووە لە مانەوەیان . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستاش ئەم خاسیەتە تاکایەتییە" بەرگری کردن بۆ مانەوە " ی مرۆڤەکانی لە دەست نەداوە و هەرگیزیش لە دەستی نادا . ئاڵۆز بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، بەرئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژە . لە نێوانی سادەیی و ئاڵۆز بوونی پەیوەندییەکاندا ، ئارەزوومەندی و ناچاریی ، ڕاوەستاوون . ئەگەر لە سەرەتادا ، پەیوەندییەکان ئارەزوومەندانە بووبن ، ئەوا لە ئێستادا بە تەواوی ناچاریین . بەڵام لە پشتی سادەییەکەی دوێنێوە ، ناچارییەک ڕاوەستاوە " ناچار بوونی هاریکاری بۆ مانەوە " و لە پشتی ئاڵۆزییەکەی ئەمڕۆشەوە ، سادەییەک ڕاوەستاوە " وەڵامدانەوە بە خۆویستن " . پرۆسەی مێژوویی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، پرۆسەی گوێزانەوەی سادەیی و ئارەزوومەندییە بۆ ئاڵۆزی و ناچاریی . وە پرۆسەی گوێزانەوە لە سادەیی و ئارەزوومەندییەوە بۆ ئاڵۆزی و ناچارییەتی ، یانی پرۆسەی ڕوو لە سەری تاڵان کردن . تا بڕی تاڵان کردنیش ڕوو لە زیاتر بێت ، کۆمەڵایەتی بوون بە سەر مرۆڤدا زیاتر دادەسەپێت . تا کۆمەڵایەتی بوون زیاتر ببێت ، بواری تاڵان کردنی دەسەڵات و نوێنەرایەتی و لە هەمان کاتیشدا لە قاڵبدانی عەقڵ و پەیوەندییە کان ، زیاتر دەبێت . کۆنە پەرستێتی ئەو وتەیەی کە دەڵێت : " مرۆڤ بوویەکی کۆمەڵایەتییە " ، ئا لێرەدایە . کۆمەڵایەتی بوون

لێسەندنەوەی تاکایەتی بوونە . لێسەندنەوەی تاکایەتی بوون ، زەوت کردنی ئازادییەکانی مرۆڤە . پرۆسەی تاڵان کردن و لە قاڵبدان " تاڵان کردنی دەسەڵات و نوێنەرایەتی و لە قاڵبدانی عەقڵ و پەیوەندی، تاکی مرۆڤ " ، پرۆسەی زەوت کردنی ئازادییەکانە . کەواتە پرۆسەی سادەیی و ئارەزوومەندی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ ئاڵۆز بوون و ناچاریی ئەمڕۆ ، پرۆسەی لە دەست دەرهێنانی تاکایەتی و داسەپاندنی کۆمەڵایەتی بوونە . وە ئەم پرۆسەی لە دەست دەرهێنانی تاکایەتی بوون و داسەپاندنی کۆمەڵایەتی بوونە ، پرۆسەی تاڵان کردن و لە قاڵبدانە و لەوێشەوە پرۆسەی زەوت کردنی ئازادییەکانە . هێزی بزوێنەری ئەم پرۆسە مێژووییە ، لە سەرەتای کارەوە تا ئێستا و لە ئێستاشەوە بۆ داهاتوو ، تەنیا و تەنیا خۆویستنی مرۆڤ بووە و دەبێت . مێژوو بریتییە لە کێشمەکێشی خۆویستنەکان ، بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامە پۆزەتیڤەکان . یانی ئەگەر ئەم قسەیە زۆر سادە بکەمەوە ، دەڵێم : مێژووی مرۆڤ ، مێژووی خۆویستنیەتی . ئەو ئارەزوومەندییەی دوێنێ و ئەم ناچارییەی ئەمڕۆ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، هەر ئاوا تاک لایەنە نین . لە پشتی ئارزوومەندییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە بۆ دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتریدا ، ناچارییان بۆ بەرگری کردن لە مانەوەیان ڕاوەستاوە . لە پشتی ناچاریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆشیانەوە ، ئارەزوویان بۆ بەرگری کردن لە مانەوەیان ڕاوەستاوە . لە سەرەتای دروست بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، ناچاریەتی لە ژێر ڕکێفی ئارەزوومەندێتیدا بووە ، بەڵام ئێستا ئارەزوومەندێتی لە ژێر ڕکێفی ناچاریەتیدایە . یانی پرۆسەکە ، پرۆسەی پاشخستنی ئارەزوومەندێتی و پێشخستنی ناچارێتییە . دروست بوونی کۆمەڵگای چینایەتی ، وەکو دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵگای بەرەکانی تاکی تایبەت و هەموانی ، بەرهەمی ئەم پاشخستن و پێشخستنەیە . ئەم ئارەزوومەندێتییە لە بەستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا ، لە پرۆسەیەکی مێژوویی دووروودرێژدا ، گۆڕدراوە بە ناچارێتی لە بەستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا . دیمۆکراسی سەرەتایی یان ئەنگڵس واتەنی دیمۆکراسی بە سروشت گەشە کردوو ، سەرەتای دەست پێکردنی گواستنەوە مێژووییەکەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا " واتە گواستنەوەی ئارەزوومەندێتی بۆ ناچارێتی " . بە واتایەکی تر ، دیمۆکراسی سروشتی ، سەرەتای دەست پێکردنی تراژیدیای مرۆڤە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی . قۆناغی دیمۆکراسی سروشتی ، ، قۆناغی وورده ووردەی تاڵان کردنی دەسەڵاتی تاکایەتی و نوێنەرایەتی تاکایەتییە " لێرەدا مەبەست نوێنەرایەتی خود بۆ خودە " ، وە هەروەها قۆناغی وورده ووردەی داسەپاندنی عەقڵ و قۆناغی وورده ووردەی ئابڵۆقەدانی هەڵسووڕانی ئازادانەی تاکایەتییانەیە . لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ، قۆناغی دیمۆکراسی سروشتی ، قۆناغی وورده ووردەی هاتنە دەرەوەی عەقڵە لە ژێر ڕکێفی خەیاڵدا و ناسینیەتی وەکو بوویەکی سەربەخۆ . جگە لەوانەی باسم کردن ، قۆناغی دیمۆکراسی سروشتی ، قۆناغی هاتنە دەرەوەی کۆمەڵایەتییانەی تاکی تایبەتە . قۆناغی بەرفراوان کردنی سنووربەندییەکانی عەقڵە . قۆناغی دەست پێکردنی مێژووییە بۆ بردنە دواوەی سنووربەندییەکانی خەیاڵ . قۆناغی دەست پێکردنە بۆ بە سیستم بوونی عەقڵ سالاری و دەسەڵاتدارێتی و نوێنەرایەتی و پەیوەندی گرتنی کۆمەڵایەتییانە . قۆناغی دەست پێکردنە بۆ کۆنترۆڵ کردنی خواستە دەروونییەکان و قۆناغی دەست پێکردنە بۆ کۆمەڵایەتی بوونەوەی چەوساندنەوە .

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکان ، مانایەکی سادە و ڕوونی هەبووە . مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ پاراستنی خۆیان لە مەترسییەکان ، چوونەتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا . هەر یەکەیان بۆ بەکار هێنانی هێزی ئەوانی دیکە ، لە پاڵ بەکار هێنانی هێزی خۆیدا و بۆ ڕزگار بوون و مانەوەی خۆی ، چووەتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە . ئەم تێگەیشتنە سادەیە بۆ بەکار هێنانی هێزی ئەوان ، بناغەی لێوەهەڵسانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە . بناغەی

لێوەهەڵسانی کۆمەڵایەتییانەی نوێنەرایەتییە . بناغەی لێوەهەڵسان و دروست بوونی تاکی تایبەتە . بناغەی لێوەهەڵسانی داسەپاندنی عەقڵە . هەریەکەیان هێزی ئەوانی دیکە و بەکارهێنانی ، بۆ مانەوەی خۆی ویستووە . وە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بەرگری لە مانەوەی ئەوانیش کردووە . یانی خۆویستنی خۆی بنەما بووە بۆ ئەو ویستنەکان . بە پەیوەست بە خۆویستنی خۆیەوە ، ئەو ویستنەکانی قەبووڵ کردووە . ئەم خۆویستنە بناغەی دروست بوونی تاکی تایبەتە . بە واتایەکی دیکە ، هەموو خۆویستنێک بنەمای دروست بوونی تاکی تایبەتە . کەواتە تاکی تایبەت ، بەشێکی جیانەبووەوەی خودی مرۆڤ خۆیەتی ، بە بێ جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکانی هەر هەموو دنیادا ، ( لەگەڵ ئەوەدا کە خۆویستن بنەمایە بۆ دروست بوونی تاکی تایبەت ، لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و لە گۆڕەپانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، تەنیا، کەمینەیەک توانیویانە و دەتوانن وەکو تاکە تایبەتەکان بناسرێن و جیاببنەوە لە تاکە هەموانییەکان ) . مادەم لە سەرەتای دروست بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ، مرۆڤە سەرەتاییەکان ، بەکارهێنانی هێزی یەکترییان لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا ویستووە ، یانی هەر یەکەیان بە سادەیی ، خوازیاری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییانە بووە . من کە پێناسەی دەسەڵاتم کردووە بە هەبوونی هێز و بەکارهێنانی بۆ سەروەری ، لای مرۆڤە سەرەتاییەکانیش هەروا بووە . هەر یەکەیان لە پاڵ بەکارهێنانی هێزی خۆیدا ، خوازیاری بەکارهێنانی هێزی ئەوانی دیکەش بووە لە پێناوی ڕزگار بوون و مانەوەیدا ، کە ئەمەش بۆ خۆی لە لایەکەوە دروستی پێناسەکەی من دەسەلمێنێت بۆ دەسەڵات و لە لایەکی تریشەوە مێژووی ململانێ و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە . مرۆڤی ئەو کاتە ، سەروەری خۆی بە پلەی یەکەم لە ڕزگار بوون لە دەست مەترسییەکان و هەوڵدانیشی بۆ مانەوە –یان قوتار بوونی هەرچی زیاتری لە مردن – بینیوەتەوە . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ئەم سەروەرییە دروست کردووە . بەدەستهێنانی ئەم سەروەرییەش لە ئەنجامی ململانێیەکی کۆمەڵایەتییانەوە بەدەست دێت . ململانێی کۆمەڵایەتییانەش بۆ بەدەستهێنانی سەروەری بە مانای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییانە و داسەپاندنی ، دەگرێتەوە . دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییانەش ، بە تالان کردنی دەسەڵاتی ئەوانی دیکە نەبێت ، دروست نابێت . دروست بوونی ئەم ململانێ کۆمەڵایەتییانە و دەرهاویشتەکەی کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە ، لە قاڵبدانی ئارەزوومەندێتی و سادەیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هێنانە دەرەوەی تاکی تایبەت و عەقڵ سالاری بە شوێنەوە بووە . ئەو دیموکراسییە خێڵایەتییەی کە ئەنگلس بە دیموکراسی سروشتی وەیان خۆڕسک دەیناسێنێت ، بەرهەمی ئەو پرۆسە مێژووییە دووردرێژەیە کە لە یەکەم جاری مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکات بۆ دروست کردن و چوونە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە .

ماویەتی